ژ وەشانێن
ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد/دهۆك
ژمارە (١٦٩ )

# ئەو پیاوانەی لە ناو ڕەنگی تابلۆکانم سەما دەکەن

***ناڵە عەبدولڕەحمان***

# ئەو پیاوانەی لەناو ڕەنگی تابلۆکانم سەما دەکەن


✪ ناڵە عەبدولرەحمان
✪ ژ وەشانێن: ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد / دهۆك
✪ وەشانا هژمار: ١٦٩
✪ دەرهێنانا هونەری: محمد ملا حمدی
✪ کەڤالێ بەرگی: فەتاح محەمەد- ژ بەرچاڤکرییێن گەلەریا دهۆك
✪ چاپا ئێکێ: ٢٠٠٩
✪ چاپخانا: هاوار/ دهۆك
✪ ژمارا سپاردنێ: ٢٠٩٥ ل سالا ٢٠٠٩

# دیاریە بەو ژنانەی
# دەیانەوێ کۆت و زنجیر
# بپسێنن....

# ئەگەر شیعر بەسەرهاتێك بێت!

-مرۆڤ چۆن دەبێتە دووناخ و دوو ژیان دوو بیرکردنەوەو لەکۆتاییدا دووکەسی وێك نەچوو دژ بەیەك؟
لەیەکێکیاندا کەوتنی کەسایەتی لەبەها ڕەوشت ییە کۆمەلأیەتیەکاندا،بۆ یەکەمین جار تاوانبار دەکرێ و ئیتر هەموو ژیانی لەخولگەی تاوانی یەکەمدا بەند دەبێ و وشەو ماناکانی ئەو گوناهە تاوانبار کراوە هەتا دوا ساتەکانی ژیانی بەدوویەوەن و ناهێڵن ببن بەخۆی وهەست بەخۆی بکات وەکو ئەو کەسەی کەلەناخەوە ئارەزووی لەوەیە ببێ بەخۆی ،لێرەدا لەهەمان ژیان و هەمان حوکمەکانی بەها ڕەوشتییە بەیاساکراوەکانی کۆمەڵگەدا کەسێکی دیکە هەیە کە ئەو کەسایەتیەش ئەرکەکانی مرۆڤی بەکۆمەڵگە کراو جێ بەجێ دەکات (ئەرکەکانی بە کۆمەلأیەتی بوونی کەسایەتی و ئەرکەکانی بەمێگەل بوونی مرۆڤ )لێرەوە دنیا بەهەموو زایەڵەو هاتوەکانیەوە ،بەهەموو ڕووداو و بەسەرهاتەکانیەوە ،بەهەموو کەسە

کاریگەرەکانیەوە ،وەکو کەسایەتی شاعیر دابەش دەبن و بەم دابەش بوونەیانەوە دێنە ناو کەسایەتی شاعیرەوە . (ئۆکتاڤیۆ پاژ) کەشیعری لەنێو هەڤایەتەکانی مەکسیکانی بوون و لا تینی بووندا دەبینیەوە کەپڕبوون لە فانتازیاو خەیاڵ ،ئەو شیعری بەسیفەتی هەڤایەت دەنووسیەوە و دەیگوت من شیعر نانوسم هەڤایەت دەنووسم ،مۆرکی گێڕانەوە مۆرکێکی هەتا هەتایی زمانی شیعرەو زۆر دەگمەن شاعیران لێی دەربازیان بووە تەنانەت شێوە سپی و بێگەردەکانیشی مۆرکێك لەگێڕانەوە دەگرنە خۆیان لێرەدا شاعیریش لەسەر هەمان ڕیتمی گێڕانەوەدا شیعر دەنووسێتەوە ، کەسێك لە ڕوودا خۆشەویستی و سۆزو دڵنەرمی و جوانی دەنوێنێ شاعیر لەگەڵ ئەو سۆز و خۆشەویستیەدا دەتوێتەوە ...... کاتێك ئاوڕ دەداتەوە دەبینێت ئەو پێدەکەنێت ئەمیش دەکەوێتە ژێر دۆزەخی ژیانێکی فریو دراوەوە ، لێرەوە کەسایەتی دابەش دەبێت ، یەکێك پێدەکەنێ و بۆنی مرۆڤی سۆزانی لێ دێ و بەدوای مووتوربەبووندا دەگەڕێ و ئەمیش تەنها بۆنی کێویی خۆی لێ دێ ،جەستەی لەکەدار و بۆندار دەبێ و لێرەوەش کۆمەڵگا حوکمەکانی یاسای خۆی دەردەکاو کەسایەتی دەخاتە نێو بازنەی گومان و ئەگەرەکانیەوە.

بەسەرهاتی گێڕانەوەی شیعر کەسایەتی کۆمەڵایەتی شاعیر نیە ،بەقەد ئەوەی کەسایەتی ئازارەکانی کچێنیە یان کچێتیە، ئەمەیە حوکمی ڕۆژگارو بەسەرهاتەکانی ، کەوا لە شاعیر دەکات کەسێك بخاتە ڕوو کە کەسایەتی کۆمەڵایەتی خۆی نەبێت و وەکو ئەوەی کەسێکی دیکە ئەو بنووسێتەوە ، کەسێکی دیکە ئەو بخوێنێتەوە ، لەناخی دا بژی و هەست بەهەموو ئازارەکانی بکاو ئەو بنووسێتەوە ، ئەمەیە بەسەرهاتی شیعری شاعیر هەر ئەمەشە ئازارە قووڵەکانی شاعیر چونکە ئەو نەیتوانیوە گوناهی یەکەمینی ژیانی تێپەڕکات و لەگرێ دەروونیە قووڵەکانی و لە ئازارە قووڵەکانی ئەم کەوتنەی ڕزگاری بێت ، لێرەوە شیعر وەکو بەسەرهاتێکی لێ دێ ، وەکو وشەیەك کەبە دووی پرسیارەکانی ڕابردووی خۆیدا بگەڕێ ، لەناخەوە کەوتوو ، لەقووڵاییە وە دەست بەردار بوو ، لەجەستەوە شەکەت و ماندوو ، چێژەکان لەلایدا دەبنە گوناه حەزەکان دەستی چەپەڵی ڕۆژگار ئارەزووەکان لە کەوتووترین ساتی خۆیاندا گەر بەدووی جوانکاریەکانی ئەم جۆرە نووسینەی شیعردا بگەڕێن ، بێگومان دەبێ بەدووی چۆنیەتی گێڕانەوەدا بگەڕێین، لە وێدا کەرستەکان لەمانا درووست کردندا هێزی خۆیان وەبەر دەهێننەوە ، لە ڕیتم و کەشێکی زمانەوانیی زۆر پرسیار کار ، زۆر گوماندار ، زۆر سەرکۆنەکار ،

کەهێزی ئاخاوتنیان مۆرکێکی شێوازی تایبەت بەگێڕانەوە دەبەخشن . دەشێ شیعر بەسەرهاتێك بێت یاخود شی عرێك بەسەرهاتێك بێت ، بەلاّم لەهەمان کاتدا دەشێ شیعریش بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا بەدوای جوانیەکانی ڕستەی شیعری دا بگەڕێ ، بەلاّم هەمیشە ئەو شیعرەی لەنێو گێڕانەوەدا نقوم دەبێت شیعرێك نیە بەدوای جوانیدا نقوم بێت بەتەنها، بەڵکو لێرەدا شاعیر دەیەوێ لەهەردوو شێوە و شێوازدا کاربکات و جوانیەکانی ڕستەی شیعری بەرجەستە بکات، ئەم چەند شیعرەی شاعیر لە گێڕانەوەدا مۆرکی شێوە پەخشان هەڵدەگرن ، ئەو شیعرەی بە شێك لەڕەگەزەکانی پەخشان و بەشێك لەڕەگەزەکانی شیعر لەخۆیدا هەڵدەگرێت ، چونکە لای ئەو گێڕانەوە خۆی لەخۆیدا ئازارێکی گەورەیە ، ئاخۆ ئازار بە ئازار کۆتایی دێت ؟ !!

نەجات حمید احمد

٢٠٠٩/٥/٨

## ( شەڕ لەنێوان ژن وخوایە پیاویش ناوبژیوانێکی درۆزن )

منالێک

لەیاریەکی قورمیش کراو دەڕوانێت ...

منیش لەخورما پێنەگەییوەکە وورد دەبمەوە

ئەو بەدیاریەوە پێدەکەنێت

منیش لەگەڵ ڕژانی هەرئاونگە نیگایەک

بەسەر باڵای تەزیوی خورمادا

خەم دامدەگرێت...

***

بەدیارتەمەنی دارخورمایەك دانیشتم

کەڕەنگی لەڕەنگی قژم دەچێ

ناوکی لەگلێنەی چاوەکانم دەکا

فرمێسکەکانی لەشەکراوی ڕۆحم دەچێ

کاتێ پیاوێك لەدوورەوە بەنیگا گەرمەکانی

خرمن خرمن گازی لێدەگرێ..

****

خورما پێنەگەییبوو...

سێوەکانی سینگم گەیین !

***

بازنەی ڕۆنینە داخراوەکانی دایکم

لەخرێتی میوە مزرەکانی

سینە دەچوون...

زۆرجار ناچاریان دەکرد ...

بێ ئاوڕدانەوە

لەکورتە دیرۆکی کچێنی خێرنەدیووم

پێم بڵێ:

ڕۆڵە شەرمە تا ئەم تەمەنە ساوایەی تۆش

خەڵکی شەهوەتیان

بەڕوانینی تۆوە بوروژێ و

دڵۆپ دلۆپ لیکی دەمیان

لەناسکی تۆوە بڕژێ ..!

ڕۆڵە بچۆرە میشواری ئەو قەدەرەی

خوا قەڵەمی لێ داگرتووە...

بەدیار دەنکە خورمای وشکەڵاتوو و

سۆتەکی جگەرەی پیاوەوە

گوێ بۆ حیکایەتە پووچەکانی قەدەر مەگرە

پەڕۆی ڕوسوری دایکی خۆت

بە ڕووزەردی تەمەنی دۆڕانی کچێنیت

مەگۆڕەوە ....!!

بەشکو بەختەوەری

ببێتە ئەو خورما گەنیوەی

زەمەنێکە بەدیاریەوە ڕۆنیشتووی ...

***

بەدیار تەمەنی دارخورماوە دانیشتم .....!!

-ڕۆڵە پیربووی ...!!

ئەوەی لەتۆی دەبینم

لە مانیڤێستی وەهمەکانی کازانزاکی و

ناپلیۆنیش ڕێچکەی تەمەننایان نەبەستووە ،

دەستەکانت لەپەنجەرەی بیرەوەری مناڵی

خۆت

بێنەوە ژوور

هاکا شەماڵێك دێت و دەتژاکێنێ ..!

هاکا بۆن و بەرامەی سەربوردەی

شەهرەزادێکی دیکە دەترفێنێ ..!!

ئەوەی لەتۆی دەبینم ..

لەجادووگەری ئەفسوون و تەهلیلەی شێتەکانی

گەرەك سەرمەدیترن ..!!

کاتێ بەدەم زیکری دیڤڵەوە

دەم دەخەنە کانیاوە قوڕاویەکانی تەمەنیان و

لەکوچەییێکا ..

نیگایەک دەدزن و ڕۆحی خۆیانی

بۆدادەنێن..!!

***

بەدیار تەمەنی دارخورمایەک دانیشتم ..!!

- ڕۆڵە دەست مەخەرە کاری کەونەوە ..

سەرینەکەی تۆ بۆ پیاوێکە

تەنها جارێک لەجاران لەتەسبیحاتی

فریشتەکانی ئاسمانەوە

ڕژایە سەر چارەنووسی تۆوە کچم ..!!

بنوو ئیتر بەدیار خورما گەنیوەکانی گەردوون

دامەنیشە ..!

***

مەچەکە بێ ڕەنگەکانم

بۆسەفەری دەست گوشینی زەمبیلە خورما

گەنیوەکان

بەڕێ خست

کەچی بینیم بەئاسمانەوە هەڵواسران

بوون بەدەستەکانی یەزدان

کەڤرو زنارو لەعنەتیان

باراندە سەرگۆڕی زندووەکان..!!

***

بەدیارتەمەنی دارخورمایەک دانیشتم ..

-ئەوەی تۆ بەدیاریەوە دانیشتووی

کەلێنی دانەکانی (درندە )ێک پڕناکاتەوە کچم

ئەوشێتییەی تۆ لەپای چی ..؟

- ئای ..دایەگیان

گەروانەبووا..

جیاوازی من و (درنجەکان ) لەچی ؟!

***

دایە هێشتا لەسەفەری قەسیدەیەک

دەستەکانم نەهاتبوونەوە جەستەم

بینیم پیاوێک

بە ئەسپایی لەژێر سەرم

سێ ڕەکات نوێژی دابەستبوو ...

ڕەکاتێک بۆخۆی

یەک بۆ خوا

یەکیشیان بۆوەی

سەربوردەی گوڵ گرتنی چاوەکانم

لەزیندانی دیوارەکانی بیری ئەودا

ئەبەدیانە چەق ببەستێ ...!!

نا..ڕۆڵە ووس بە

تۆبۆ لە (کەری ) دراوسێکەمان ناکەی ؟

هەمووشتێ بەهێمنی لێک دەیتەوە ..؟؟

ئەوە مادام سێ ڕەکات بوو

کچم نوێژی مەغریب بوو..

***

دایە کە ئاوێزانم دەبێ

یا زمانە لاڵەکەی خۆی

لەگەڵ گۆی مەمکەکانم پڕ گۆدەکا:

بۆنی مەمکەکانت لەبۆنی بەهەشت دەچێ

.. . ...

ئەی کەوایە

نوێژ بۆچی دەکا

کەئاوێزانی منیش بۆخۆی عەدەنێک بێت!!

***

ڕۆڵە کچی قەلەندەرم

بێ هیدایەت خوای ئاسمان

فڕێی داویەتیە گۆشەیەکی بێزراوی زەمین

ئاخر بەلەتێ سێوی حەواییێکەوە

ئێمەش سووتاین

***

ڕۆڵە نوێژ عیبادەتە ...

لەودونیاشا حەفتا حۆری بەردەکەوێ

میوەی جوانی بۆ دەهێنن

خۆ لە میوەی سینگت ناچێ .....

ڕەنگی هەردانەێکیان لەمیوەی

ئەفسانەدەچێ

هەرگیزلێرە لێی نەخواردوون

خەندەی جوانی پێشکەش دەکەن

هەرگیزلای تۆ دەستەمۆ نابێ

قاچەکانی بەئاورینگی کەوسەر دەشۆن

چاوەکانی بەقاوەی عەدەن کلْ ڕێژدەکەن

تا پەپوولەکانی نووستن پێی نەوێرن و

تابەیانان ڕابورێ و باوێشکی خەو نەیباتەوە

...

دەستەکانی دەدەنە بەرئەوشنەبایانەی

هەرگیز ڕۆژێ لەڕۆژان لەم مەملەکەتی

مەنفایە

هەڵیان نەکردووە ...

جەستەی دەبەخشنە

ڕەنگاڵەترین گەرماو

کە بە نوری عەرشی خوداو ئەبەنوس و

لۆکەی عەدەنیترین ئەوێ

فەرشکرابێ..

***

دایە ئەگەر لەشێوەی پیاو

نوێژ دابەستم ...!!

چەندحۆری و چۆن میوەو

چەند شێوەی هەبوونێکی ترم دەست

دەکەوێ ؟!

***

بەدیار خورما گەنیوەکەدا زیکرم بەست

بەڵكو ئەو وەڵامی..هەموو پرسیارەكانمی

لەباوەش گرتبێ..

ئەویش لەدایكە بێ هەداكەم دەچوو ..

(ورتە لەدەمی دەرنەهات)

***

بەدیارتەمەنی دارخورماكە دانیشتم..

مێروو تێی وەرببوون

كرم لەپاشەڵیەوە دەردەهاتن

كاتێ چاویان بەمن دەكەوت

ماراسۆنیان بوو بۆناو سكی برسی دایكیان

-دایكە بۆناكرێ منیش

بچمە ئەو هەوارە گەرمەی

لێیوە هاتووم !!؟؟

***

بەدیارئاسەواری خورما گەنیوەكەما

ماندووبووم خەوبردمیەوە

لەخەوما دیم

خورمای گەنیو

شەڕابی دەستی

موسافیرێکی شەکەت بوو

قوم قوم لێی دەخواردەوەو

ئاهی هەناسە گەرمەکانی لەکوانووی حەزی

زولەیخا دەچوون بۆ یوسفێ کە لە

سەردەمی جەنگ لەدایک ببێ .....

دەستم بۆکاسە بەتاڵەکەی دەستی برد و

-( ئەمە بەری ڕەنجی منەو تۆش بە سانایی

دەینۆشی..؟!)

نەرمتر لەکوژانەوەی شنەبایەک

سەیری دەریاچەی چاوەکانی قەدەحەکە

کردو

ڕۆندکی تەمەنی بەباچووی کچێنی منی تیا

بەدیەکرد ...!!

بێ دەنگ بوو!!

لەولاتر لەڕوانینە ئەفسووناویەکانی ..

پێی دەووتم ئەی کچ!!

فرمێسکەکانت بێنە بەر ، با دەستنوێژێکی

گەرم بۆ ڕازیکردنی خوا و گەیینی

بەرسیلەی عیشقە خۆڵەمێشیەکەمان

هەڵگرم ..

ئیدی لەوساوە زانیم

پیاو بەر لەوەی باوەڕ بەخوا بهێنێ ..

باوەڕی بەژن هێناوە...!!

***

بەدیار تەمەنی دار خورمایەک دانیشتبووم

دەنکە خورماکان بەدەم زیکرەوە:

شەڕ لەنێوان ژن و خوایە

پیاویش ناوبژیوانێکی درۆزن...

***

لەدوای شکاندنی هەر سەرخەوێکی کورت

بروسکەی زۆر سەیر بەر ڕۆئیاکانم دەکەوتن

ئیتر باوەڕم بەوەهێنا ..

کەادەمەوێ بەتەنیابم

زیاتر سنورەکان ببڕم .....)

***

بەدیار زیکری گەنجێتی دارخورماوە خەو

بردمیەوە....

بینیم لەجێی خورما گەنیوە بەسەرچووەکەدا

قەدی سەوزاییەکی ئەفسووناوی چرۆی

دەرکردبوو

ونجر ونجر بەبالاْ هەڵکورماوەکەما

هەڵدەشاخی...

دوای چرکە سەدەیەك گەورە بوو بەری گرت

بەری درەختە سۆزانیە خۆهەڵواسە عاشقەکە

لەئاسمانەوە بەبێ باڵ بەرەو چاوانم دەهاتن

لەبارانی لەعنەتی خودا دەچوون

بێ برِینی مەودای ڕووخسەت لەجێژوانان

تەڕیان دەکردین ..!!

ئێستاش ئەو پرسیارە شێتم دەکا :

خۆشیدەوێم یا ئەیەوێ بنەچەی نەژادم

لەناوبات ؟؟؟؟

نا ...دڵۆپە بارانەکان ،

شتی خڕی لاقۆپاوە بوون

لەڕەنگی سێو دەچوون وسێونەبوون

لەپرتەقاڵ دەچوون و پرتەقاڵ نەبوون

لەڕەنگی هەنار دەچوون وهەنار نەبوون

لەهەموو میوەکانی وجود دەچوون و

هەونەبوون

لەهەمووسۆزانیەکانی عەدەم دەچوون و

هەونەبوون

لەهەموو پیاوانی کۆیلە دەچوون بەدەست
شەرەفەوە
هەونەبوون
لەهەموو شتێ دەچوون کە لەم کەونەدا لە
وجود نەبوون
هـ ..ە.. بو.. و.. ن . . . . . .
***
هاوڕێ ببورە
کەلەڕەنگی سێو نزیک بوون ناویان دەنێم سێو
کەلەڕەنگی پرتەقاڵ نزیک بوون (پرتەقاڵ)
کەلەڕەنگی میوەکان و
سۆزانیەکان و
پیاوانی کۆیلە و
هەمووشت دەچوون
ناویان دەنێم
(هیچ)

***

ببورە هاوڕێ

(سێو) بوون (سێو)

چوون یادداشتەکانی دوێنێمان

ئاماژە بەدیرۆکی بێحورمەتی سێو دەکەن

لەعەدەندا

***

بیرت چوو هاوڕێ؟!

لەمناڵیەوە گەورەکان وا ئامۆژگاریان

دەکردین:

(ئێمە گۆش کراوی لەتکێ سێوی بێ ڕەنگی

دەستی حەواکانین)

کەزۆر لەڕووزەردی ئێمە نزیکە هاوڕێ!!

***

سێو بوون و دەنکە خورمایەکیان

لەسینگیان چەقی بوو

کت ومت لەگۆچانەکەی باپیرەم دەچوو
کاتێ بەتورەییەوە لەسینگی دەچەقاندین و
پێی دەوتین :
ابێ شەرمینە ...دەتانەوێ ئابڕووم بەرن
قوربانی ئەو چەقۆیەبن لەدوای هەر
سەرهەڵکێشانێکتان لەدەرگای حەوشە
بەخوێن بسمیلتان دەکا ، بیشارنەوە
مەمکەکانتان بشارنەوە ...
( مەمك یەعنی بێ شەڕەفی )

***

کە گەورە بووم
مووسی زمانی جەللادێك
بەهەموو جەستەما داهات
لەلیمۆکانی سینەم گیربوو

کەچی هەرگیز لەخەنجەری باپیرەم
نەدەچوو...
***
لەسەرگوزشتەی دەنکە خورماکانم پرسی
کاتێ وەک گۆچانەکەی باپیرەم
مێژوویەکی پڕ شکۆیان هەڵگرتبوو...
-هێندە گوتم بەدیار خورمای گەنیودا
مەخەڵەتێ و
عومری پڕ خۆزگەی خۆت مەپیشێنە ..!
تالەغەزەبی تۆ
ئیلاهی ئاسمان
لەتەمەنی بێ حەیایی (سێو)ێکی خەسیوی
موتوربەکردی ،
نەکەی ئەمجارەشیان بەدیار سێوە موتوربە
کراوەکانەوە
وێستگەیەکی دیکەی تەمەن جێ بهێڵێ...

نەوەك ئەمجارەیان

لە لەعلەتی خودا و فریشتەکاری ئاسمان

تەفرە بدرێی ..

موتوربە بکرێی لە پیاو..!!

***

دایە بۆچی هەموو مەلحەمەکانی ئەم کەونە

وونە

دەخەیتە چوارچێوەی ڕووباری موعجیزەوە

خوداوەند خۆشیویستم

نەیویست چیلکە داگیرساوەکانی تەمەن

بەدیار خۆڵەمێش بوونی خورمایەکا

ببێتەزەمەنی جاویدانی ڕەق هەڵاتن

بۆیێ سێویێکیشی موتوربەی خەمەکانی

کردم .......

***

دایە خوداوەند عومرێکی کورتی پیێ بەخشیم

ناچارم منیش بسووتێم

بەدیار هەزاران خەونی کاڵەوە !!

***

بەدیار سێوە موتوربە کراوەکانەوە

خەوبردمیەوە ..

لەخەوما ، خورما

کوڕێکی (بیست وهەشت )ساڵی بوو

بەدیارهاتنمەوە کزدەسووتا

پرسیارەکانی هێندە زۆربوون

تەتەڵەی زوبانی بەئاستەم حاڵی دەکردم :

(بۆ درەنگ کەوتم..؟)

-نازانم ..نا بۆدرەنگ کەوتم..!!

دایکە پێم بڵێ ، بڵێم چی ..؟!

بۆدرەنگ کەوتم ؟

***

ئەوکوڕی شاهـ ، بەدیارهاتنی سیندرێلاوە

هەمووجەستەو ئاوەزی چرۆی دەرکردبوو
(ئەوای پیاو ، مەچەکەکانی بەرلەمن
بەئافرەتی سۆزانی گوڵباران کردبوو..
(ئەوای زاوا ، بۆئاهەنگی پێکشادبوونمان
ڕدێنی بەخەنجەری پشتی باپیرەم
قووت کردبوو ،
سەرتاپا جەستەی لەبۆنی مسک و ستیانی ژن و
مایەو لیباسی ژێرەوەی حەوا هەڵسوی بوو
کەچی من ..منی پێخاوس
قەرجێکی بێ ئەدرەس ،
دیرۆکێک لەفەنابوون
بەپێنج شەش جگەرگۆشەی بابردەڵەوە
بەسەرخیابانەکانی غەریبیدا تەراتێنمانە
***
دایە من و سەگێکی پێخاوس لەیەک دەچین
تەنها یەک شت جویمان دەکاتەوە..

ئەو هەڵەتە ، بەدوای دۆزینەوەی ئێسکێکی

چەوری لیقن ....

منیش ماندوو ،

بەدوای دۆزینەوەی خەونە کاڵبووەکانمدا

لەمەملەکەتی پیاو ...

ئەوبۆئەوەی نەمرێ...بژێ

من بۆوەی زیاتر لە مەودای سەتارەکانی

سەماواتی پیاو ڕامێنم

تا دوورترین پێوانە ،

ئەندازەی ئیمپراتۆریەتی عەشقی پیاو ببڕم و

بچمە کتێبی ((گرنیسەوە))...!

***

دایە پیاوی خەونەکانم لەگەڵا ڕێزانێکا

دەستەکانی گرتم :

لەو شەڕابە خەستە گەرمە بخۆرەوە

کەمنیشی لێ دروست بووم

-نا.....ببووره .......

هەرگیزناچێتە ئەقڵەوە

تۆ لەشەکراوی خورمایەک بێیتە وجود کەلە

تالأوی شیرینییێک بچیٚ

چارەنووسی لکێنرابیٚ بەپەڕۆی ڕووسوری

کچەوە ...

تۆلەدڵۆپی ئاونگی ڕووت

یان

لەمشتیٚ خۆڵی دەنکۆڵەداری مت بووی کێڵگەی

بەهیمەکانی جووت

پشکوتووی

کەقەدەری کچێنی من و

زەمەنی ئەوینی ئێمەی لیٚ چیٚ بووە ..

ڕەنگی بزرکا و

ئاوێنەی هەستەکانی من لەدەستیدا

مشتێ شەڕابی خاکی بوون کەوتنە خوارەوە و
شکان...!!
***
کاتێ پەپولەکانی خەو
ئاسمانی چاوانمیان جێهێشت
خورما موتوربە کراوەکە
گرمۆڵەیەک ترووسکەی وەریو بوو
هێور هێور بەدیار سەفەری خەوبینینمەوە
کزدەسووتا....
سێلاوی شەهوەتە ئەزەلیەکانیشی دەنگێک
بوون لە سەرابستانی غەرییبیدا :
-کچەکە ،خەونەکانت بۆهێندە مەودابڕبوون
تەمەنێکە بەدیارهاتنتەوە
دەرژێمە کانیلەی نائومێدی پیاویمەوە
بۆچ لەوێستگەیەکی سەفەرتا
بۆجارێک دانەبەزیت و

لەشەوچەرەی حیکایەتە سڕەکانی

گوێ ئاگردانی شەوانەش ،

لەقەدەحی ماندوێتی ڕێبوارێکا بەسوتفە

نەتکایتە چاوە بێدارەکانی بەیانێکەوە !!

بۆلەزستانێکی درەنگ وەختا نەبوویتە گەواڵە

هەورو

بەسەرکێڵگەی تەنیاییما تاوێ نەباریت !!؟

بۆنەبوویتە گوڵێکی شەرمن و پەنجە

مەقەستەکانی من

کەسەدان گوڵی وەنەوشەییتریان چنیووە

بۆنەمتوانی لەبن میچی سرووەییکا بتچنم ..و

بتگوشم بەتەمەنی خەسارچووی کوڕێتیمەوە

کچەکە!!

بۆ...بۆسەدەیەک لەم عەسرە شوومە

پەپوولەکانی خەوتنت بەپەنجە ناسکە ڕەنگاو

ڕەنگەکانت ڕانەماڵی ...؟؟؟؟

تالەبەربانگی ئێوارەیەکی درەنگ وەختا
درەنگتر لەزەمەنی هاتنی (تۆ)
ڕۆژووت بمن بکەیتەوە......؟
***
هۆموسافیرە وون بوەکەی دەستی عەدەم
خۆ تاگەیشتیتە مەوقیفەکانی وێستگەی ژیانم
چیم تیا نەما
تالەژێر ساباتی حەزەکانت ..
مەوسمی چێژت پێ ببەخشم ..
***
-دێزدەموونا
دڵم نەهات
هەناسە ماندووەکانت نارەحەت کەم
تیشکی چاوە بێدارەکانت لەوەرزی خەوبینین
بەئاسۆوە بقرتێنم ..!!
خۆدەزانم هەرجارەی هەناسەکانم

بەرتاڵی قژە خورماییەکانت دەکەون

چۆن هێمن هێمن دیلانێیانە ،

تاڵە قژو تاڵە هیواو خەونەکانت

***

-خەون من چی ..؟!

با مەلە باڵ شکاوەکانی بەختەوەریش

بمگەیەننە بەرزترین نهۆمی ئاپارتمانی

خۆشنوودی.... سبەی بەمن چی ..؟

چی لە ئەمارەتی خەون و ( قەلأی مامە

خەمەکان) بکەم؟

خۆ بە قەد مەودای حەقیقەتی نێوان

من و پیاو

من و خوا لەیەك دوورین!!

****

گەڕیدەترین موسافیری زەمەنی

بەسالأ چوونی کچێنیم

خەون بەمن چی ... تۆش بە من چی؟
(کەشکۆڵ و عەسا)ت هەڵگرەو
بچۆرەوە نێو دیوەخانی سڕی مەحوی!!
***
بەدیار تەمەنی دارخورمایەک دانیشتم
ئیدی بڕوام بەوەهێنا بەدەم ئەساڵەتی گۆرانی
قیسمەتەوە بڵێم:
بگەڕێوە مەملەکەتی، بالآکردنی
دارچناری خەونەکانت
ئێرە سامناکترین مەملەکەتی
چرۆکردنی درەخت و
دووبارەبوونەوەی حیکایەتە تاڵەکانی
"گۆدۆ" و (بێ نەوایانە).
***
لەوەتەی خواهەیە منیش هەم

لە وەتەی نووسینەوەی دیرۆك هەیە ...

منیش هەم..

من وخواو مێژوو

من و پیاو حەزەکان

لە جەنگێکی بەردەوام داین

کەسمان سەر بۆ ئەویترمان دانانەوێنین!

ناچار بەدیار هەموو شتە موتورەبەکراوەکانی

زەمەنەوە

بەسەر چووین..........!!

من بەسەر چووم و

کتێبی خەونەکانیشم یەکە یەکە هەڵوەرینە

ئۆقیانوسی (مەحاڵ)بوونەوە....

نەخوا ...نەپیاو....نە.......

بەدیار ژانەکانی منەوە

فرمێسکێکیان نە بەخشییە هەناسەکانی نەوایی

***

له داوێن چرکەکانی کوژانەوەی مۆمی زەمەن
پیٚ لەو هەڵەیە دادەگرین:
"سووتان بەدیار شتێکی تۆکمەوە
پیرۆزترە لە هەزار شت"
***
ئاه... زۆر شەکەتم دایەگیان
بەدیار تەسبیحاتی خەونە ئەرخەوانییەکانی
کچێنیمەوە
هاتنی هیچێکیانم
لە ئێوارە درەنگ وەختێکا لەگەڵ زەنگی
بێئاوازی کڵێساکانی عێنکاوەو
فەتوای مەلا چەق بەستووەکانی دوا سەردەمی
قاوەخانەی ئینسانیەتا بۆن نەکرد!!
ماندووم دایە
هانیٚ ئەوە دەستە پڕنوێژەکانم ،
بیاننێرە مەملەکەتی تاپکردنی ئەو (پەیام)انەی

لە ئەزەلەوە بۆ زیندانی زەمەنی کچێنیم
دادەبارن.....
ئاه... شەکەتم دایە گیان
لێم گەڕێ با تاوێ لەسەر سینە پڕ سێوە
نەرمەکانت
باوێشکێک نەرمتر لە هەناسە بێ ئەمەلەکانی
دوێنێت بمباتەوە...!
-کچم بە دیار گەنینی دەنکێ خورمادا
تەمەنت بوارد
دەبێ بە دیار هەڵهێنانی قەسیدەیەک
دەستە قڵیشاوەکانی تەمەننا بۆ کوێت بەرن؟
-دایکە خۆ هەموو تەمەنی پووچم
بەشڕی ناونیشانی قەسیدەیەکی لەخۆبایی
ناکات
کە لە دەمی پیاوێکەوە دەڕژێتە سەر
شەهوەتی ژن......

بۆ یێ دایە تا ئێستا بێ ناونیشانم

لەنێو خودێتی مەملەکەتی شیعرو خەونە پچڕ

بووەکانم

ئالێرەوە ئەدرەسی قەسیدەکانم

زەمەنی شێت بوونی پیاوێکی سۆزانییە

کە بۆ ڕێساکانی خواش ئاوڕناداتەوە

لەبەرامبەر تەنها ژنێکدا چۆک دا دەدات....!!

پاییزی ٢٠٠٤

# ( ئەوانەی ویستیان کچێنی دڵم بدزن )

ببورن لەوەی
بە دڵرەقی پێشوازی لەو هەناسانە دەکەین
کە بای عەدەم بۆمان دەیهێنێ..!
لەو دزە نیگایانەی لە چاوی حیزی
بەندە بەبەردبووەکانی کانی تەتومانەوە
هەڵدەکەن
ببورن لەو نزایانەی
لە یەکەم چینی ئاسمانی خواکانەوە
تورڕ دەدرێنەوە سەر زەوی تۆوکراو بە
گوناه...
ئێوە پۆلە قوڵە ڕەشێکی سپی بوون
ئەتانویست بەیەکەوە
ئینجانەی شەرمنی تەمەن بدزن
کە بە حەرفەکانی بێهودەییەوە

لەسەری نووسرابوو (دڵ)..
کاتێ کچێنی دڵم بە گالیسکەیەکی شەکەت
تازە لە حەڤدە بەهاری خۆی تێدەپەڕی و
تازە تارای سپی بووکێنی و چاوە ماندووەکانی
دەحەسانەوەو
کەوشە دڕاوەکانی لە پادەکرد
ئێوە تەنها لە وگالیسکە شڕەو
لەو چاوە هەرزەکارانەو
لەو پێڵاوە بێزراوانە ورد دەبوونەوە
کاتێ هەورە تریشقەی قەدەر
بە ڕێکەوت گرمانبوونیە سەریان و
بارانی غەریبی بەسەرا پرژاندبوون
ئێوە تەنها
قوولە ڕەشێکی برسی بوون
بە تێڕامانەوە لەو وردکەنانە ورد دەبوونەوە
کاتێ بەرێکەوتێکی پووچترەوە

ڕژابوونە کۆشی قەدەری کچێنیمەوە

لەو کانیاوەتان دەڕوانی

کاتێ بە ڕێکەوترین ڕێکەوت

خوای ئینس و جن

لە بیابانی جەستەکانەوە هەڵیقوڵانبوون

و بەرەو شەتتی عەرەب ڕێیان پێدابوو

تەنها و تەنها

لەو نامانە ورد دەبوونەوە

کە ڕووکەشانە بەسەر چناری جەنگەڵستانی

جوانییەوە باڵایان کردبوو

لەو گوڵە ژاڵە تەمەن کورتە خوێن تاڵانەتان

دەڕوانی

کاتێ سیفەتی ئەوەی نەبوو

لە سووکە چایەکی میوانداریشا

کڵویەک شەکرتان بخاتە دەمەوە..!!

لەو کچۆڵە شەنگانەتان دەڕوانی

کاتێ لەبەر سەحنەی چاوەکانتانا
لە خەراباتی هەرزەییدا بەڕووتی دەرەقسین و
گوڵی سەمای ڕەنگ نارنجیان بۆ ئەسپەشێی
خەونەکان دەسپاردە دەستی با .....
و
دەبوونە پارچەیەک ئێسک و
دەمتان بۆیان گۆمی لیک بوو...
ببورن لەوەی
منیش لە ڕووکەش بڕوانم
هێزی ئەوەم نەبێ زەنگیانەی تێڕامانەکانتان
بخەمە زەمیلەی حەزەوە....و
بەسەر ڕەنگی تابلۆ سەر شێتەکانتان
هەڵشاخێم
ئێوە پۆڵێک داڤنشین و
منیش مۆنالیزایەکی بێ بزە،
جیهانێک لە بێ ورتەیی....

بەسەر تابلۆی بێدەنگی خۆم تەپ و تۆزمە

دەنگم ناگا بە سوقرات و

پۆلە ئەفلاتوونە عەنقاییەکان

ئەوان کاروانێك خەمی سپی بوون

ناویان نان (کامگارەکان).

ئەی ئێمە چی...؟

چەپکێ گوناهی سپی و

دۆزەخێك لە خواپەرستی و

بەهەشتێکی پان

لە داوێن پیسی و بەرائەت.....

ئێمە چی...؟

پۆلە بوڕاقێکی دەستەمۆ

لە شەوانی ئیسراو میعراجا

سەما لەگەڵ ئەو پێغەمبەرانە دەکەین

کە هێشتا لە شەلاڵی منداڵدانی دایکیانا

دانە بەزیوونەتە وارێ..!

ئێمه چی...؟

هالەیەکی بێڕەنگ

ترسێکی بێڕەنگتر دەڕژێتە دەمارەکانی

بێدەنگیمانەوە....

"مانگیش جێمان دێڵێ"

ئەوسا بەرەو کوێ

سەری کاسمان و هەڵگرین و

حیکایەتە تاڵەکانمان

بکەینە شەکراوی کچێنی...

ئێمه چی...؟

قەقنەسێکی باڵ بەستراو

کاتێ لە دوا شڕەقەی باڵدا تێکشکام

پڕ بە قەناعەتەوە پێیان وتم:

"تۆ چیت..؟" دەریایەك لە خورافات

فیردەوسێك لە کوفر

گوناهەکانت گڕی تێ بەردای

ئەگینا
کوا هێزی ئەوەت هەیە
بەرەو هەتاو هەڵزنێی ؟؟
برۆ و باڵە بەستراوەکانت
بەرەو سەقەر دەکرێنەوە....!
***
زولەیخایەکی قژ درێژ
لەناو گڕکانی ئەوینی پاکی بۆ یوسفێ
پڕی دایە درێسەکەی و
ماچێکی ڕوو زەردی دزی....
کاتێ دادگایی کرا...
گرمۆڵە عیشقێ بووە منداڵێکی لاسارو
لە شەرما وتی:
زولەیخا بوو مشتێ گوناهی سەوزی
لە درێسە سپییەکەی
یوسفی عاشق دزی...!!!

ئیتر لەو ڕۆژەوە گوناه بوو، شەرم بوو

زولەیخایەک

ملی یوسفێکی دیکە بگرێ

بۆ ماچ بۆ عیشق بۆ دەسبازی

ئەگینا دەبوو بە دزی

عەیبترین دزی...

****

وەرن ناخم بە نوێڵە گەورەکانی

دۆزەخی خوا بکۆڵن

من گوناهبارترین میوەی فیردەوسم

دەترسم جارێکی تریش

دەستی ئادەمێکی گیایی

دوای جیهانێک چێژ

تورڕم هەڵداتەوە دونیایەکی پۆخڵتر...

***

وەرن بە گاسنی خوا بمکێڵنەوە

هەر بەدەستە چڵکنە بەنوێژەکانی خۆتان
تۆوم بکەنەوە
من زوورگێکی تەختانم
بۆ تۆو ڕشتن نەبێ
بۆهیچ ئازارێکی تر نرخم نیە ...
وەرن حەزە برسیەکانی خۆتان
چاوەبێدارەکانی خۆمتان بەمێ
وەرن تەمەنە کورتە قەڵەوەکانی خۆتان
جوانییە حورمەییەکانی خۆمتان بەمێ
وەرن هیچم لێتان ناوێ
تەنیا سەردێڕی ئەدرەسی خەمەکانم
بدۆزنەوەو مەمخوێننەوە ......!!!
***
زەمەنێکە فەرهەنگێکی تاڵم و
بۆئێوە سیلاڤی شیلەی هەنگ و
خەمرەوێنی برسێتیتان

وەرن بڕتووکی یاداشتەکانی وجود

هەڵدەینەوە

لەشادەماری بازووی ئێوە

ئوستورەیەک حیکایەتی دابەش بوون

دەگێرێتەوە.......

ئەوساپاساریە برۆنزیەکان دەناسنەوە....

***

بیرم دێ منالێکی هەرزەکاربووم

دڵە گەورەکەشم

جانتایەکی چکۆڵەی بێ قایش ....

بەسەرەداوێکی یەک مەتری

بەملمەوەم هەڵواسیبوو

هەستم دەکرد

کاریلەیەکی ڕەنگ سورم لایە و

ڕاوم دەنێ و ڕاوی دەنێم

یاریەکی قووڵم لەگەڵ دەکا

ناشزانیٚ کیٚم...!!

بیٚ باك لەوچیمەنە بەریئانە

چاوشارکیٚم بوو

لەگەلٚ دڵە کاریلەییە نەوڕەسیەکەم

ترسی ئەوەم نەبوو

بەنەداو بپچڕیٚ و دڵە کاریلەییە

سەرشیٚتەکەم ڕاکا و جیٚم بهیٚڵیٚ ..

لەمناڵیەوە فیٚری ئەو وانەیە ببووم

هەقم بەسەردڵمەوە نەبیٚ

هەوەسی چی هەبیٚ ونەبیٚ

من "لەگەلٚ ئامۆزاکەی ناوبیٚشکەم

زەمانیٚکە بن پشك کراوم "

لەبەردەم وپستگەی کاروانسەرای ڕامانەکانم

بەتاوتردەبوون پیاسە وگەمە

ترسناکەکانم..!!

***

هۆ حەوا بێدارەکان

ئەی ئەوانەی زیندوون وهەناسەنادەن

ئەی ئەوانەی

بەدیار بێڕەنگی کەڤاڵە بنەوشەییەکانی

کچێنیەوە ڕەق هەڵاتوون

و

بێ دەنگ لەمەوداکانی سەعادەت

ڕاماون .....

بەسەئیتر سەری سوکتان بەم خەمانە

قورس مەکەن ،

ئەم ڕازە سپیە پڕ (ڕەنگ) انە

دێڕێ هاوکێشەی پووچ و

نەزمێ شیکاری بێمەئوان

لە پریاسکەیەکی تەڕەوە

تنۆک تنۆک

دەڕژێنە دەمی ئەو بۆقانەی

**لەزەلکاوە جەنجاڵەکانی قەدەرەوە**

**زمانی لینجیان بۆمێشوولەی**

**شیعرەکانتان هەڵواسیووە....**

**لەم دەڤەرە بێ ئەدرەس و بێ ئاڵایە**

**سەری سەوداییتان بۆکامە ئاڕاستە هەڵگرتووە؟**

**هەربستێ لەم زەویە کەزی ووشکە دڕکەڵانە**

**وەهمێکە لە وون بوون**

**مردنێکە لەبێ دەنگی ...**

*******

**-حەوا کچە شیرینەکەم !**

**یاداشتە شڕو ووڕەکانت هەڵگرە**

**خەریکە باران نووسینەوەی تۆش کاڵ دەکاتەوە**

**نەك یاداشتە شەرمنەکانت**

**گوێم لەقرچەی سووتانی ناختە**

**لەمەقاڵەی ناوجەرگەی**

**سێبەری بە ژن بوونی خۆت**

با بەفرمێسکێکی ووشکی وەرزی بارانی بەخوڕ
نەکوژێتەوە
مە پێویستیمان بە
پشکۆی زیاترو هالەی زۆرتر و
گریانێکی بۆرتر هەیە بۆ بەرگرتن ...!!
هاوارە پچڕەکانت
بخەرە ناوجانتای سەفەری حەرفە پێ
شکاوەکانت
نەبادا فریاد ڕەسێکی ماسکپۆش
بە هوتافی شەوی عەشق
ناوی دڵی پەپولەییت بزرێنێ و لەخشتەت بات
(جام بشکێ ...نەك بزرینگێ)
چەند لەم تابلۆ بێرەنگە ڕاماین
چەند خۆمان بەکلکە کورتەکەیەوە هەڵواسی
بێ هوودەبوو......
نەئاسمان بەر لەوەرزی چاندن

نەزەوی بەر لەوەرزی دروێنە

نە بەرلەهاتنی شەمەندەفەری عیشق

هیچیان قومێ ئاوی تفتیان بەگەرووی

پڕهاواری وشکمانەوە نەکرد..

هەموو ئافاتەکان

لەدوای زەمانێک لەبەسەرچوونی نزاکان

داباری ...........

کڵۆ بەفری دوعای نوێژەبارانەکان

تف و لەعنەت وزناریان باراند..!!

***

حەواگیان لاپەڕەکانی مەوسیمی بیرت

بنێرە مەملەکەتی با

با کتێبی هارمۆنیی بیرەوەریمان هەڵنەوەرێتە

سەر مەغریبێکی پڕ غرور

با بیرمانچێ لەوێدا :

تازە خۆری بێوەژن

مەلۆتکەی تیشکە پڕژاوەکاری خۆی

دەپێچێتەوە ....و

بووخچەی ماڵئاوایی بەرەو تاریکی هەڵدەگرێ

لەوێدا خۆری بێئەمەل

ماندوو ماندوو دەستە قڵیشاوەکانی

خوداحافیزی دادەگرێتەوە بۆ ئاسمان

جاجمی نوری ڕادەخا بۆ سالاری ئەستێرە و

تریفەی مانگەشەو .....

ئەو تەنزە قژدرێژە لە

گوێچکە مۆرە گرگرتووەکانت وەدەرنێ :

پۆلە قولە ڕەشێکی سپی

بەدوای مووروی تەڵخی لەزەتتدا دەگەڕان

لەکراسە قاوەییە ماتەکەی حەوا ڕامان

کاتێ دڵۆپە شەهوەتێکی وشکەڵاتوویان

بەدیکرد

وەک سەگی پێ سووتاو

بەدوایا ئەیاندایە پرمەی غاردان ....

لەم بان وبۆئەو بان ... لەم کێو بۆئەو کێو

لەم زەوی بۆئەو زەوی ...لەم ئاسمان بۆئەو

ئاسمان ...لەم زەلکاو بۆئەو زەلکاو.....

بینیم پارچە بلورینەکانی جەستەت

بوون بە پەڕەی گوڵ و

بەرەو ئاسمانیترین ئاسمان هەڵفڕین

گوێم لێ بوو لەبانەکە سەرە بێچاوەکانت دانا

لەبەینی تارمایی کێوەکان

هەردوو مەمکەك و دەستەکانت ....

لە گۆمە شلوێکانی زەویدا

هزرو ئایدو حەز و ئارەزووەکانت خنکان

لەزەلکاوە تەنکەکانیش هەردوو قاچت

بوونە بۆقێکی بێ زمان

پیرە بۆقێکی بەتەمەن قوتیدای

کاتێک تەنیا نۆتەی هاوارە ئیسفنجیەکانت

مابوونەوە

بەرەو تەنکترین ئاسمان باڵیانگرت .....

لەوێ.......... ،

لەحەوتەمین چینی ئاسمان

دەرگا بەڕووتا مۆڵەق بوو

کەوتیتەوە ژێر تەونی جاڵجاڵۆکەکانی ڕێسمان

بویتەوە ئەونێچیرە قەشمەرەی

زەمەنێک بەر لەئێستا

لەکن ڕاوچییەکانی جەنگڵستانی شەوەوە

ڕاوەدوودەنرای و نەدەگیرای

دەستەمۆی ڕاکە ڕاکەی نێچیرەکانیان ببوی

ڕاهاتبووی بەنوکتە خۆشەکانی ئەوان

لات وابوو "گوێزت بۆدەژمێرن "

ئەتدایە قاقای پێکەنین و ڕات دەکرد

لەناخەوە خێوی فۆبیا ئەیگرتیت

ئەتووت لەچی بترسم؟

لەڕیشەوە دەگریایت و

ئەتووت بۆچی بگریم ؟

ئاخت بۆ ئەو تەمەنە ناسکە هەڵوەریوە

هەڵدەکێشا لەڕاکردنا سەرف ببوو

ئەتوت تازە ئاخ بۆچی هەڵبکێشم ؟!

ئەمزانی لەژێرماسکی خەڵەتانتا

ویژدانت منداڵێکی برسیە لەپەناوە نوقورچت

لێ دەگرێ ....!!

***

حەوا ...پەپولەی خەوتن ڕاماڵە.....!!

جارێ تروسکەی خۆری ئەمەل

زۆری ماوە ئاوا ببێ...

یاداشتەکانم بەسەوڵی چاوە ماندووەکانتەوە

فرێ مەدە قەدەری وون بونێکی ترەوە...

دەمەوێ ئەمجارەیان ڕاشکاوانە ...

**پەردە لەسەر حیکایەتی عەشقە دۆڕاوەکانم**

**لادەم ........!!!!**

*******

**- ئاھ.. حەوا گیان ئێستاکە زانیم**

**گاتاکان ئامادەنین گوێ لەسرودی ژنێکی تەنیا**

**بگرن...،**

**پیاوەکان ئامادەنین لەموحیبەتی ژنێکدا ببنە**

**خۆڵەمێش...،**

**باڵندەکان ئامادەنین لەمەملەکەتی ژنێکدا**

**لەنەزمی سەمایەکدا بخوێنن...**

**هەتا دیوارەکانیش بێزارن لەگێڕانەوەی**

**حیکایەتە غەریبەکانی ژن ...**

**ژنیش...نازانم بۆ ؟**

**هەمیشە ئەوانەی دەوێ ،**

**گوێ بۆ یاداشتە خێرنەدیووەکانی نەگرێ !!؟**

**ژنیش بڕیاردەدا ...**

هەمووخەمەکانی بسپێرێتە خۆڵەمێش بوونی

جگەرەیەك .....

ئیدی لەمەولا

پانۆڕامای لەناوچوونی ژن لەفلتەری جگەرەکان

لەیەقە دڕاوەکانی یوسف ،

لەسێوە نەخوراوەکانی عەدەن

دەدۆزنەوە.....

کێ دەیزانی..ڕۆژێ لەڕۆژان ،

مرواری نهێنی ژنێك

لەسووتانی جگەرەکان .....!!

لەماچە دزراوەکان....لەسێوە گەنیوەکان

لەباخەڵی پیاوە ماسك ئاسنینە بێهیواکان

دەدۆزرێتەوە ؟!

وریابن...ئیتر بێ ڕەحمانە پێ مەخەنە

سەرسەرینی

سووتانی فلتەری جگەرە ،

ئەوان بەئیحساسترین مەملەکەتی لەباوەش

گرتنی ژنن لەتاریکیدا.....

ئەوان زۆر بەشوعورەوە گوێ بۆ هەناسە

کپەکانی حەوا دەگرن ،

زۆر بەنەرمی..... قوم دەدەنەوە

هەناسە ماندووەکانی ژن ،

بەحەزەوە نەوەک بمرن...!!

ئەوان بەچرپەوە نهێنی لەناونەچوونی ژن ،

لە بزە والآکانی (با)دا دەنووسنەوە....!

کێ ئامادەیە ؟

بەقەد هەناسەی جگەرەیەک

زیندەگی ببەخشێتە

نیگاری نائومێدی ژن؟!!

هاوینی ٢٠٠٣

# ئەو پیاوانەی لەناوڕەنگی تابلۆکانم سەما دەکەن ...!!

*لەودیو سنوورەکانی بێدەنگیەوە*

چۆلەکەیەك

بەگومانەوە دەڕوانێتە حەرفە ماندووەکانی

موحیبەت ..

هێشتاش خۆڵەمێشی چیلکە سووتاوەکانی

خۆشدەوێن..

کاتێ دەبوونە لیباسێکی تەڕو،

زستانان بەباڵایدا شۆردەبوونەوە خوارێ ...!!

ئەو زەم ەنە سەرمەدیانەشی دێتەوە بەر

هاوێنەی یاد

کەبەگوڵە دڕکنەکانی قەدەر چنرابوون

دەبوونە کەڵبەی تیژی

مۆتەکە چاوسورەکانی

خەوی شەوی سەربانان و بەگەردنی

هەستەکانی

هێواش...هێواش ...تێدەپەڕین!!

***

ئەوەتا چۆلەکە پشت کۆماوە چەند بەهاریەکە

بێ ورتە دەگرێی........

بۆئەو زەردەپەڕانەی

ڕۆندکی وەفای بۆڕشتن، بەبارانی پڕسەوزایی

ماچ

شۆردنیەوە..!!

هەرچی هەبوو لەدەتکە گەنم و

قومێ ئاوی دەم کانی ئێوارانی پایز

و

بەتەنیا لەسەرشەقامە بێ خشپەو چۆلەکانی

ئەمەك

دەنکە مرواری حەرفە کاڵ بووەکانی موحیبەتی

کۆدەکردەوە

دەیویست لەدواشەوی (هەزارویەک شەوە) دا

لەسەرلەپە بێ گۆشتە ئێسکنەکانی

لەدڵە ( چەند بەهاریە ) پیرەکەی خۆی

بپێچێتەوەو

لەنمایشێکی هێمنانەدا پێشکەشی کات

ئەوەتا لەدیرۆکی ئەم چکۆڵە ویستە و

سێڵاوی وەفا و ئەمەکە

چرکەکانی سەعاتی بەختەوەری وەستان ،

باڵی ئەو ئومێدانە وەران

کاتێ لەوێنەی نەزانی کواڵاکان خۆمان پێیانەوە

هەڵواسیبوو.....

بووینەوە قەشمەرجاڕی نێرە چۆلەکەکانی

جەنگەڵ.!!

***

لەپەنجەرەی بیرەوەریەکانمەوە

نیگام دەکردەوە هەڵدانەوە لەهەبیەکانی

دیرۆک:

گاڵتەیان بەو لانە شپرێوانە دەکرد

کەچۆلەکە لاسارە تەنیاکە

زەمەنێک بوو بەدەنووکە بڕاوەخوێن

لێتێزاوەکەی

یەک یەک چیلکە بابردەڵەی مەئوایی

کۆدەکردنەوە و

بۆحزووری شنەبای شێداری مووحیبەت ڕێزی

دەکردنەوە..!!

***

لەدرزی دەرگا ڕزیوەکەی  زەمەنەوە بینیم :

بەهێزی دەنووکە بێبەش لەماچە خواییەکان

میرنیشینی موحیبەتی چێ کردبوو

هەرجارەی نێرە چۆلەکەیەکی دەنووک تیژ

لانەیەکی بوزریان لیٚ دەدزی و

تیٚرتیٚر لەبەربارانی ئەوینی ناوهیٚلانە ڤالاٚکانەوە

خۆیان بەناوی(خوا) بسمیل دەکرد

کاتیٚ چۆڕاوگەی دەستنویٚژەکانیان

لەویٚوە سەرچاوەی دەگرت

بەخەندەیەکی ئاسنینەوە تانەیان بەپیٚ تاتکیٚی

موحیبەت و

بالاٚکردنی نەمامە ساواکانی ئەوین دەگرت

ناوی موحیبەت دەزڕا و عەشق دەمرد

ئەوان هەرلایان وابوو گاڵتەیان دەکرد ...

لەومناڵە لاسارانە دەچوون :

« بەگاڵتە بەردیان لەبۆقەکان دەگرت

کەچی بۆقەکان بەڕاستی دەمردن »

سووتوی هەناسە ژەهراویەکانیان

لەوجۆگەلە سازگارە دەڕشت

کاتیٚک ئیٚواران و بەیانیانی هەینی

بەرلە خوتبەی مەلای مزگەوتی سپی

لەدرزی پەچەکانی دزیەوە

لەزەتیان لێ نۆش دەکردو

دوعای مەرگ و تفی بێ حەیاییان لێ دەباراند!

حەزیان وابوو

لەگەڵ شەهوەتی لەزەتەکانیان

شۆخە نەمامێک لە ڕەچەڵەکی ئیبلیس

لەدایک بێ و

دوای دامرکانەوەیان

فریشتەیەکی سەرعەرشی زەمین ،

لەبەر عەورەتی دەستیانا ببێ بە خۆڵەمێش و

بەرەو (با) سەفەربکا......

لەوەی بەردەوام لەبێ شەرەفیا چێژ بەئادەمی

ئێرە ببەخشێ!!

ئیتر ئەوسەین و بەنە حازربێ

چ جای ئەوکاتە

بەیانبێ یانیوەڕۆ یا نیوەشەوێکی درەنگ
درەنگتر لە چرکە ڕزیووەکانی (وەخت)
***
ئاه چۆلەکە بێ گوناهە دۆزەخیەکە
بەبڕیاری دادگای خواکانی ئێرە ،
ئێرەی پڕ تەم تومانی براکوژی و سێربستانی
حاڵی نەبوون
چ سەوداسەرێکی نەفامیت !!؟
(حەسەنانە) سەرگەردانیت بەدوای ناسنامەی
لەدایک بوونی خۆت و
ئەودەنکە قەزوانانەی بەرلەهاتنت بۆمەیخانەی
زەمین
لەناوگرِکانی بەهەشتە بێتارمەکانی منداڵانی
دایکە
سەماکەرە سۆزانیەکە ،
تەسبیحاتی زیکری خوات پێ دەکرا

***

لەوێش لەسووچی پەردە دڕاوەکانی

سەرپەنج ەرەی بالکۆنەکانی دزیەوە چاوم

لێبوو..

نێرەچۆلەکەکانی شار وبازاڕو کۆڵان

وگەڕەکەکەتان

گاڵتەیان بەلەدایك بوونت دەکرد ...

هێشتاش چاونەترسانە نیگا برینداراەکانت

بەخشیووەتە

عەرشی لەخەوهەڵسانی نێرینەیەکی ڕەش

پێست

کەلەوبەر سنورەکانی وولاتەوە.....

وەك هێلانە بێ سەرو شوونەکانی تۆ

گاڵتەیان پێ دەکردێ و تف باران

دەکرێن...دەکوژرێن ...

جەستە پارە پارەکانیان

**لەناو تورەکەیەکی ڕەشی عەبایی درێژ ..**

**لەسەری دەنووسن:**

**(ماڵی سپی ...بۆڕۆژی ڕەش)**

**لەشەوانی کریسمیس و ڕۆژەکانی جەژنی**

**قوربانا**

**لەبەرایی هاتنی بووکی     شوباتتدا بەدیاری**

**ڕەوانە دەکرێنەوە!!**

**چەند دڵخۆشن بەوەی**

**دیاریەکانتان لەبەخششەکانی خوا ناچێ**

**کاتێ لەشەوانی قەدر دەیبەخشێتە مەلە**

**کوتەکانی ئاسمان !!**

**دیاریتان چەپکێ ئازاری خۆڵەمێشی و**

**بۆنی کاسەسەرو چاوەڕژاوەکانی**

**مەحرەمەکانمانن!!**

*****

**لەم مەملەکەتی شەرەف وقەداسەت و ڕەنگ پەرستنە**

**تەزووی موحیبەت پەلکە زێرینەیەکی بەهاری نیە**

**بەناوئەندێشەی چاوە تەمگرتووەکانمانەوە دزە بکا**

**کوا نرخی (شەوی قەدر )ی ئەوێ و ئێرەمان ...؟**

**ڕیزبەستنی ئەوهەموو هێلانە خاڵیانە لەچی ..!؟**

**بیرت چوو زەمەنێ بەر لەئێستا**

**حەمامی (عەسری) بوویت**

**خەڵکی داوێن پیس دەهاتن چمکی**

**گوناهەکانیان**

**لەچمکی لەچەگە بێڕەنگەکانی تۆ دەسمی**

**ئەوان خۆیان پاک کردەوەو**

ڕوو ڕەشیان بۆتۆ جێهێشت..!!

ئەوان پۆلە قولە ڕەشێکی گەرمێنی بوون

بەرەو کوێستانان هەڵفڕین ..!!

ئەوان ڕۆیشتن و

پۆلێ گوناهی سپیان بۆ نەگبەتیت بەجێهێشت

..

ئەوان هەڵفرین و

مشتێ گڕی وەنەوشەیی بێ گەرم بوونەوەیان

بۆخەمی ژنێتیت جێهێشت ....!!

تۆش تەنیا نوستووی دووری دنیا ..سێبوریت

بەو گڕە کاڵە دێت

ئێستا نا ئێستا دەکوژێتەوە ...

ئەوان ڕۆیشتن و کەشکۆڵی بیرەوەریان

سووتاندی

گرتەی نیگا بەریئەکانی دوێنێی سەردەمی

سەما

لەئەلبوومی یادگارە شڵۆێیەکانی مناڵیا

دەرهێنران و

درانە دەست تەوژمی بای عەدەم ..

داخۆ ئێستا کێ بەچاوە حیزە بێدارەکانت

ڕائەبوێرێ..؟

لەقاقای توندی پێکەنینەکانیت دەسوێ..!!

کەتاقەتی گریانی چوو ..

فڕێت دەداتە ناو ئاگردانی حەسانەوەی خۆی

و

جەستەی تەزیوی بەتۆ گەرم دەکاتەوە ..

***

گوێچکە کزە بێ تەمەنەکانت بۆم ڕادێرە

کەتەنیا نەرمەبایێکی تۆزاوی زەمەنیشی پێ

نەکەوتووە ..

ئەوان ڕۆیشتن و

ڕەگێ نیگەرانی کەسکیان

لەئینجانەی دڵ و ئاوەزو دیرۆکتا بۆ شین
بوونەوە جێهێشت
کەبەنەرمەباییێکی سپی بەیانان
هەڵدەوەرێتە کانیاوی هەنسکەوە..!!
ئەوان ڕۆیشتن و
ڕۆیشتن.......و
ڕۆیشتن.......و
تەنیاو تەنیا تۆیان جێهێشت ..
تۆی تەنها ،
لەناو ئازارەکانی کچێنیتا سەماکەرێکی پێ
پەتیت
هەرجارەی لەدیوانی دڵی ئینجانەییێکا چێ
دەبێت
تۆی تەنها ...
لەنێو ژانەبەسوێیە تاڵەکانت
سۆزانیەکی بێ ئەدرەسیت

هەجارەی لەحیکایەتەماندووەکانی

عەڕافێکا لەباخچەی باخەوانێکا سەوزدەبیت

لەسەرخیابانە غەریبەکانی شاعیرێکا

دەبێتە قەڵەم و گوڵ دەگرێت .............

***

سەگێکی برسی بێ دەرپێ ..

بەخەیاڵی پروسکی ڕانی منالێک

لەبەینی ددانە شکاوە ژەنگاویەکانی دەتکرۆژێ

کەلە تامی  خەیاڵەکانی بەدەربوویت

تورت دەداتەوە

ئەو بیابانەی لێی هەڵقوولاویت .....!!

دەمری و لەدایك بوونێکی تر یەققەی نووێ

بوونەوەت

پێ بەرنادا ..

کەگەورەش دەبیت ..ڕەزات قورس و خوێن

تاڵ

فڕێ دەدرێتەوە کوچە بێ عەدەنەکانی

پڕ وجودی چاو زمانەکانی ئێرەوە

بۆنی ڕق وماچی مەرگ و

دوعا مەقبوڵەکانی تیرۆر ..

بەنۆرە هەڵتدەلوشن..!

***

ئەی دەریاچە بێ ئاوەکەی کەونی  وجود..

وەرە کەوشە دڕاوەکانت بکەبەر،

کەلەسەفەری نەدۆزینەوەی ناسنامەی بەمرۆڤ

بوونتا تەڕت کردووە

باڵە نەرمەکانت شەتەك دە..

بابەنزمی بەقاچە خوارەکانمان

بەسەرئاسمانی فڕیندا  هەڵنشین و

بەزەوی نیشتنا  هەڵفرین ...!!!!!

ئەم مەملەکەتی بێ خۆرو ئەستێرەو

مانگەشەوە

هێزی کێش کردنی چاوی بەرائەتی تۆیان نییە
تۆبەگوناهە سوێرەکانتەوە شیرینیت ..
زەمەنیٚ(شوتی)یەکی بەشەرت بوویت
چەقۆی بازرگانیٚ برینداری کردی
کەبازرگانی بەفرۆشتنی مەعبەدەکانەوە
دەکرد
فرۆشترایتە بارهەڵگرێکی پیٚ گەنیو
دوای نیوەڕۆیەك
ویستی دەمی شەقی بۆ لێوە شەق بووەکانت
بەریٚ
هەستی بەو ڕەگە چیمەنییە کرد ..
کەلەپاشکۆی دواتەوە دەرچوو بوو
بەپەلە لێی خواردیت و ڕەگی لەتی دواوەشی
خستیە ناو قەدەحی شەڕابێکی خاکییەوە
تا لەنوێوە زامی گەورەبوون بچێژیتەوە و
ئەمجارەیان بۆقازانج بتفرۆشێتەوە

بازرگانێکی جەللادتر..!!

***

هەڵسەوە بەسەرقیافەی (با)دا بشەکێوە ...!!

وازلەڕەگی ئەونەمامە ساوایانە بێنە

کەلەم خاکە ماندووە (چەند سەدە )کێڵراو و

تۆوکراوە

شین نابێ و بەرناگرێتەوە..

لێم یەقینە بەدوای وەهمێکی ناقوولاً

کەوتویت..

بۆ چ ئەتەوێ وەهمەکانی گەلگامیش

لەچاوەبێدارەکانی ئەنکیدۆیەکی نووستوودا

لە جەنگەڵستانە مردوو و کاکی بەکاکی یەکانی

ئێرە زیندوو بکەیتەوە.؟!

ئەوان هەڵفڕین و ئەم زەمینە بێ گەڵاو چڵەیان

جێهێشت

کەجێ   (حەوت ڕۆژی   ) پەپوولەیەکی تیا
نابێتەوە...
ئەوان هەڵفڕین و بڕوایان بەنزاکانت نەکرد
ئەوان هەڵفڕین  و
ئەقڵەتیان نەبوو گوێ بۆحیکایەتی تەڕبوونی بێ
باران بگرن...
ئەوان هەڵفڕین و
ڕقیان لەسیمای زراڤی بەرائەت و
مەلەی نێو ناخی گۆمی (لیبراڵ) دەبووەوە..
ئەوان سەدەیەك بوو بەسەرجۆلانەی
نەزانیندا
دیلانێیان بوو
دەیانزانی تۆییێکی بزێو
بێزو بەچێژی کرۆژەکانی موحیبەت دەکەی
توڕیان دایت و خاڵی بێهێزییان دزیت..

تێیان هەڵدایتە چاڵە بێ چراخانەکانی

قێزلێبوونەوەوە

بەڕوونی یان نهێنی ..لەخشتەیان بردیت

هاوڕێ !!

***

وەرە کەوشە تەنگەکانت بکەوەپات

ئەوان ڕقیان لەکەوشی تەنگ و

ژنی دامێن ...فرەوان دەبێت

ئەم زەمینە بێ نەوایە و ئەم گەرماوە بێ

ئاوەی خۆت

جێ بهێڵە ...

تۆهەرئەمانەت بۆ ماوەتەوە هاوڕێ ، بەتەمای

چیت؟!

***

لەم دەڤەری مەنفا بەکەپری درۆیە

پەساپۆرتی مانەوەی تۆ ، کامە کونجی

وێستگەکانی شەمەندەفەری  زەمەن و

ساباتی دونیای ئەوبەری ژنێتی هەڵلوشیوە  ..؟

نازانی ..؟!

کواقیمەتی مانەوەی تۆ

وەرە کەوشە لموز درێژەکانت بخەوە بن

هەنگڵەکانت

چاوەکانت بکەوە پات

دەمت بخەرە ناونایلۆنی ڕەشی

زبڵدانی کاسەسەرتەوە

تەنها بەلووت وەك سەگ...دۆتێ و ڕەقیب

بۆدۆزینەوەت  بخوازە

وەرە ماسکی قسە پووچەکانت فڕێ دە

بەڕووتی بەنێو کەوسەری شەهوەتی پیاو و

دەم وچاوە برسیەکانی ڕامان بگوزەرێ...

بن گوێچکەکانیشت عەترێکی خۆش

کەهەرکت ومت لەعەتری (BOND) ی

پەنجا یۆرۆ قیمەتی و

(هاوای) پەنجا دینار بایی و

عەتری تالآن فرۆشی عەدەن بکا ...

کاتێ (ئەژەی) خوشکم

بەعەترێکی تالآن فرۆشی ئێرە کفن کراو

لە (ترِی سەی چوو)...

***

وەرە دەمامکی شەرم تورە هەڵدە

کونێکی خرِ

بەقەد سەری قەپاغی مەنجەڵێکی چینکۆ

کەشەوانە ماستی بەیانیان پێ دادەپۆشی

لەباخەڵی پرِ لەمەمك و لەدامێنی پرِ لەعەترت

بکەرەوە

باشنەبایەکی تووند

لەلای عەورەتی پیاوەوە

خۆی بکا بەژووری چیکڵدانەکانی هەناسە

دانتەوە

سەعاتێک ..؟

نیو سەعات..؟

چارەکێک ..؟

نەء.پێنج دەقیقە بەسە بۆ هەناسەدان

بەپێنج چرکە هەموو شتێک تەواو دەبێت ،

کاتی زیادمان بۆچییە

ئێمە هەرهێندە دەژین کەئاوێتەی پیاوێک

دەبین.

بازیاتر گوناهبارنەبین

بۆیێ (بەقەدەر بەرەی خۆت پێ ڕاکێشە)

هەرپێج دەقیقەمان هەیە بۆ گوناهـ

هەرپێنج دەقیقە بۆنوێژ..

پێنج دەقیقە بۆتێکەڵ بوونی هەردووکیان

پێنج دەقیقە بۆهەڵوەشانەوەی هەردووکیان

پێنج دەقیقە بۆ بسمیل بوون

پێنج دەقیقە بۆدەستنوێژێکی پۆشتە

پێنج دەقیقە بۆ(تەڵاق وەرگرتن)

پێنج دەقیقە بۆ (مارەبڕین)

پێنج دەقیقە بۆ ڕووخسەتی مردن

پێنج دەقیقە بۆ دووبارە دەست پێکردن

پێنج دەقیقە بۆ تەوبەکردن ، بۆ گوناهکردن

پێنج دەقیقەی تریش بۆ هەناسەدانێکی جیا

لەوەی پێشتر...

کت ومت وەک ئەوەی پێشتر

هەموو شتێک....... پێنج دەقیقە

پێنج دەقیقە

پێنج دەقیقە

بۆیە زووتر لەپێنج دەقیقەش دەمرین !

***

وەرە ئەمجارەیان کەوشە نوێیەکانت

بخەرە زبڵدانی ماڵە دەوڵەمەندێکی
گەڕەکەکەتان
ئەوان دڵیان دێنێ ..
پێڵاوی نوێ و
جلی نوێ و
نانی نوێ و
بەتانی نوێ
فڕێ دەنە سەر گوفەکی گەڕەکە میللیەکەتان
تاسواڵکەرێکی بێ عینوانی چاوپڕ لەتۆوی گۆمی
مەنگی چارەنووس
بکاتە پاو
لەبەربکا و
تێربێ و لەسەر سک بنوێ و سەرمای نەبێ ..!
ئۆخەی تێربوونی دواجار و
نزگەرەی چانسی (حەبیبی نەجار)
لێوەکانی بجوڵێنێ..

***

وەرە ماڵە تاریکەکانی ئاسمانی فڕین بانگت

دەکەن ..

باڵە پەڕ وەریوەخورماییەکانت  بکەرەوە و

خێرا بەرەو ئەودیوی سێبەری ڕەنگەکان

هەڵزنێ ...

ئێرە جەنگەڵستانێکی بێ ڕەنگە ،

تۆی ڕەنگاڵەش هێندە ناهێنێ

هەموو ڕۆژێ لەترسی ڕەنگە تێرە

وەهمینەکانی جەستەت

بەشەرمەوە سەرت داخەی ،

جەسارەتت بێ هاوڕێ...!!

پەنجەرەی شەرم بشکێنە بە ویقاری ژنێتی

خۆت

قیسارەی عەشق بژەنەرەوە

ئەوەتانێ گەرووی ووشکت بەشی هەناسەی

هاوارێکە بۆ ڕاپەڕانەوە لەخودا

نەکەی تۆش بکەویتە بەرشاڵاوی جەبەڕووتی

ترسەوە ؟.

# ژیانامە

لە ساڵی ١٩٧٩- لە هە ولێر- قەڵا لە خانەوادەیەکی بەناوبانگی هەولێرلە دایك بووە ، هەرلەمناڵیەوە بەرلەوەی بچێتە بەرخوێندن خولیای وێنە کێشان بووە و بەنیگارکێشان د ەستی پێ کردووە ، لە قۆناغی سەرەتایی چەندین چیرۆکی ئەفسانەیی مناڵانەی نووسیوە ، لە قۆناغی ناوەندی بە کاریگەری کچە هاوڕێیەکی هاوپۆلی شەیدای شیعرنوسین بووە ، یەکەم شیعری بە ناونیشانی (کوردستانم) لە ساڵی ١٩٩١ نووسیوە ، لە ساڵی (١٩٩٦) یەکەمین شیعری لە ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان بەناونیشانی(بەرائەت) بڵاوکردەۆتەوە ، دواترلەگەڵ شیعرنووسین دەستی دایە کاری ڕۆژنامەنووسی و زیاتر بابەتی کۆمەڵایەتی و ژیانی ژن لە کۆمەڵگای کوردی لەنووسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەردەوام لەڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نووسین و ووتاری ئەدەبی و کۆمەلأیەتی هەبووە لەوانە :(ڕۆژنامەی برایەتی - ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان — ڕۆژنامەی هاوولأتی — ڕۆژنامەی پاڵە —ڕۆژنامەی ئێوارە گوڵان - گۆڤاری گوڵان - گۆڤاری ڕامان - گۆڤاری پێشکەوتن - گۆڤاری هەرێم - گۆڤاری هەولێر- گۆڤاری خاتووزین - گۆڤاری ڕوناهی - گۆڤاری نووسەری نوێ

— گۆڤاری وێ- گۆڤاری هاوار- مانگنامەی ستایلی ئەدەب ی - ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت - سایتی کوردستان نێت — کوردستان پۆست - چەندین بڵاوکراوەی تر . ئامادەو پێشکەشکاری بەرنامەی ئەدەبی و شیعری بووە لەچەندین دەزگای ڕا گەیاندنی کوردستان وەك : ڕادیۆی ڕزگاری ، ڕادیۆی ئازادی ، ڕادیۆ وتەلەفزیۆنی گولان ، ڕادیۆی نەورۆز ، سەتەلایتی کوردستان . ڤیستیڤاڵ و پێشبڕکێی ئەدەبی و شیعری بۆئەدیبان و گەنجانی بەهرەمەند ڕێکخستووە لەوانە : ڤیستیڤاڵی دونیای شیعربۆ پەرەپێدانی بە هرەی گەنج لەڕادیۆی گولان و ڤیستیڤاڵی بەرنامەی دیوان لە سەتەلایتی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستان بەگشتی . یەکەمین کۆڕی شیعری لەساڵی (١٩٩٦)لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بە هاوبەشی لەگەل شاعیر(تحسین محسین) و بەهاوکاری (ڕاگەیاندنی پەروەدەی هەولێر) سازکردووە ، دووەمین کۆڕی شیعری لە هۆڵی (ڕێگا) لە ساڵی (١٩٩٦) بەهاوکاری ڕادیۆی (ڕێگای کوردستان )ی حزبی شیوعی عیراق بە هاوبەشی لەگەڵ (زیادکەریم) ، سێ یەمین کۆڕی شیعری بە هاوبە شی شاعیر (فەرید مەخمووری ) ناوەندی سەردەم- قەڵای هەولێر لە سا ڵی( ١٩٩٧ ) گێڕاوە ، دواتر لە کۆڕێکی شیعری هاوبەش لە گەڵ شاعیرانی شاری هە ولێر- ٢٠٠٢- لە یادی (بارزانی نەمر )لە

(هۆڵی زەرد ) ، کۆڕی شیعری شاعیرانی لاو بە هاوکاری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بۆیادی (بارزانی نەمر)لە ساڵی (٢٠٠٢) ، کۆڕی شیعری ساڵی ٢٠٠٤ لە سازدانی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی دهۆك ٠ لە ئاداری ٢٠٠٦- لە هۆڵی یەکێتی نووسەرا نی کورد — لقی هەولێر کۆڕێکی شیعری تایبەتی بۆ سازکراوە ٠ کۆڕێکی دیکە لە وەرزی ڕۆشنبیری و ئەدەبی یەکێتی نووسەرا نی کورد لقی هە ولێر بەهاوبەشی لەگەڵ چنورنا میق — بە هرە مفتی لە ٢٠٠٦ ، کۆڕی دیکەی شیعری لەسازدانی (سەنتەری چاپ و پەخشی هەتاو ) لە ساڵی (٢٠٠٦) هە ولێر باخچەی گۆڤاری نما ٠ بە شداری لە ڤیستیڤالی شیعری (نا٠٠بۆتوندووتیژی دژبە ژنان ) کە وەزارەتی ڕۆشنبیری- دهۆك سازی دابوو لەگەڵ ژنە دیارەکانی بواری ئەدەب——٢٠٠٧\١١\٢٣ لە هۆڵی محمد عارف جزیری-دهۆك . دوو کۆڕی شیعری هاوبەش لەگەڵ شاعیر (شەهرام نامیق)لە (زانکۆی کۆیە) و شارۆچکەی (تەق تەق) لەساڵی ٢٠٠٧ . چەندین لێکۆڵینەوە لە سەر شیعرەکانی نووسراون لە لایەن چەند ئەدیبێك لەوانە :

شیعری (ئەوانەی ویستیان کچێ نی دڵم بدزن ) — سەردارجاف-گۆڤاری نەوشەفەق . شیعری (ئێوارانی پیاسەی مردن)-بۆتان جەلال — ڕۆژنامەی خەبات . هەردووشیعری (دەرگاکان مەکەرەوە & سەماکەرێك لە باخی ترێدا )- سۆران

عەزیز – ڕۆژنامەی (کوردستان ڕاپۆرت ). لە سەرکتێبی (سەمای شووشەیی ئاهەنگە ئاسمانی ەکان)– ئاری ئاغۆك ڕۆژنامەی پەیامی ئاشتی . گۆڤاری گولآنی عەرەبی- لە شیعری (لە خەزانی خەزانوەران)بەداوای لێبوردن لە ناوی لێکۆلەرەوەکە سەرچاوەکە نەدۆزرایەوە .

شاعیر خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بەسەرکەوتوویی لە هەولێر تەواو کردووە ، ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و کوڕێك و کچێکی هەیە ، دوا قۆناغی بەکالۆریۆسی یاسا یە لەزانکۆی صلاح الدین - هەولێر ، ئێستا بەڕێوەبەری یەکەمین ڕادیۆی لۆکالی ئەهلیە لە هەولێر . و ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

ژ وەشانێن ئێکەتیا ڤیسەرێن کورد
دهۆک

١) نڤێژەك مەستانە ل دۆر گونبەدا جزیری / ڤەکۆلین، د. فازل عومەر ـ ٢٠٠٤
٢) خەونێن تازی/ هەلبەست، روخوشێ زیڤار ـ ٢٠٠٤
٣) وەغەرەك د نهێنیێن دەقی دا / رەخنە و ڤەکۆلین، یاسرێ حەسەنی ـ ٢٠٠٤
٤) بیاڤێ خواندنێ/ ڤەکۆلین، جەلال مستەفا ـ ٢٠٠٤
٥) لبەر دەرازینکا تێکستان/ خواندنێن ویژەیی، سەلام بالایی ـ ٢٠٠٤
٦) خواندنگەها برسیکرنێ/ چیرۆك، صدیق حامد ـ ٢٠٠٤
٧) هزر و دیتن/ هزر و رەوشەنبیریا گشتی، د. عارف حیتو ـ ٢٠٠٤
٨) چەند رێیەك بۆ دەقی / ڤەکۆلین، صبیح محمد حسن ـ ٢٠٠٤
٩) بەرپەرەکێ وندا ژ ژیاننا سەلیمێ ئەسمەرێ / چیرۆك، انور محمدطاهر ـ ٢٠٠٤
١٠) چەند خواندنەك شێوەکاری/ ڤەکۆلین، ستار علی ـ ٢٠٠٥
١١) ژانێن سیناهیێ/ رۆمان، تحسین ناڤشکی ـ ٢٠٠٥
١٢) قصص من بلاد النرجس، حسن سلیڤانی (الطبعة الثانیة) ـ ٢٠٠٥

١٣) گۆتارێن رەخنەیی/ کۆمەلە وتار، هۆشەنگ شێخ محمد ـ ٢٠٠٥
١٤) گەریانەك د ناڤ باغێ ئەدەبێ کوردی دا، رەشید فندی ـ ٢٠٠٥
١٥) سۆتنگەه/ رۆمان، بلند محمد ـ ٢٠٠٥
١٦) سیاپۆشێ زێماری/ چیرۆك، د. فازل عمر ـ ٢٠٠٥
١٧) شانۆیا هەڤچەرخ و چەند دیتن/ سیار تمر ـ ٢٠٠٥
١٨) ڤیان د دەمەکێ ژاندار دا / رۆمان، محسن عبدالرحمن ـ ٢٠٠٥
١٩) تەکنیکا ڤەگێرانێ د کورتەچیرۆکێن (فازل عومەری) دا/ ڤەکۆلین، نەفیسا ئیسماعیل ـ ٢٠٠٥
٢٠) مێری و کەڤۆك / چیرۆکێن زارۆکان، د . عبدی حاجی ـ ٢٠٠٥
٢١) هەژدە چیڤانۆکێن گورگا/ چیرۆك، ب: محمد عبدالله(چاپا دووێ) ـ ٢٠٠٥
٢٢) روستەمێ زالێ/ د. عارف حیتو(چاپا دووێ) ـ ٢٠٠٥
٢٣) شهینا چیایێ سپی/ چیرۆك، نزار محمد سعید ـ ٢٠٠٥
٢٤) جەمسەرێ سیێ/ کورتە چیرۆك، خالد صالح ـ ٢٠٠٥
٢٥) ئەی رۆژ نەچە ئاڤا/ پەخشان، سەلام بالایی ـ ٢٠٠٥
٢٦) ژ رەوشەنبیریا کوردی / ڤەکۆلین ـ گۆتار، ناجی طه بەرواری ـ ٢٠٠٥
٢٧) زارۆکێن جیهانا ئاشتی و ئاشۆپێ / ڤەکۆلین، هزرڤان عبدالله ـ ٢٠٠٥
٢٨) دهۆك د سەربۆڕان دا/ بیرەوەری، صدیق حامد ـ ٢٠٠٥
٢٩) جاك درێدا و هەلوەشاندن/ ڤەکۆلین، د. فازل عمر ـ ٢٠٠٥

٣٠) داويا شەڕڤانەكی/ رۆمان، عصمت محمد بدل ـ ٢٠٠٥
٣١) پێلێن رەخنەیی/ رەخنە، نعمت الله حامد نهێلی ـ ٢٠٠٥
٣٢) دەما هێشتا گیانەوەر دشیان باخڤن/ چیڤانۆكێن مللی، و: حجی جعفر ـ ٢٠٠٥
٣٣) بەر ب دەقێ خۆمالی / دەق و شرۆڤەكرن، ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، ٢٠٠٥
٣٤) مێمێتیكس، ژ هزركرنێ تاكو ئایدیۆلۆجیایێ / د. فازل عمر، ٢٠٠٥
٣٥) كەلتۆر.. ناسیۆنالیزم و عەرەبكرن / ڤەكۆلین، عەبدال نوری، ٢٠٠٥
٣٦) پەیڤێن بێ پەردە/ ڤەكۆلینێن رەخنا ئەدەبی، عبدالخالق سولتان، ٢٠٠٥
٣٧) نڤستن د چاڤێن نێرگزێ دا / هەلبەست، بەشیر مزویری، ٢٠٠٥
٣٨) ژ فەلسەفا بەرخودانێ/ هەلبەست، رەمەزان عیسا، ٢٠٠٥
٣٩) ئەوێ دژی هە میا/ كورتەچیرۆك، صبیح محمد حسن، ٢٠٠٥
٤٠) نژیارگەری/ د. فازل عمر، ٢٠٠٥
٤١) بیست سال و ئێڤارەك/ رۆمان، صبری سلێڤانەی، ٢٠٠٥
٤٢) نڤێسین د ناڤبەرا نڤیسەرێن خوداوەند و لێگەڕیان ل ئازادیێ/ ڤەكۆلین، هۆشەنگ شێخ محمد، ٢٠٠٥
٤٣) ژ چیرۆكێن مللی یێن فلكلۆری / جمیل محمد شێلازی، ٢٠٠٥
٤٤) جواهر المبدعین/ مناقشات ادبیه، اسماعیل بادی، ٢٠٠٥
٤٥) دیمەنێن پەچنی/ چیرۆك، كیڤی عارف، ٢٠٠٥

٤٦) تیر ژ کڤانا دوەشیێن و بەر تێنە من / هەلبەست، سەلمان کوڤلی، ٢٠٠٥
٤٧) کەڤالەکێ رویس/ هەلبەست، شوکری شەهباز، ٢٠٠٥
٤٨) دەولەت و عشقەکا کەڤنار/ هەلبەست، دەیکا دالیایێ، ٢٠٠٥
٤٩) شەڤێن بێ خەو/ هەلبەست، بەیار باقی، ٢٠٠٥
٥٠) ئازراندنا بەندەمانێ/ هزرڤان، ٢٠٠٥
٥١) چاخێ رۆژ دپەیڤیت/ هەلبەست، شەمال ئاکرەیی، ٢٠٠٥
٥٢) دوو چەمکێن هاڤیبوون یاخیبوون / ئەمین عبدالقادر، ٢٠٠٥
٥٣) راستی و تالان، صبحی مراد، ٢٠٠٥
٥٤) دەفتەرا بێ گونەهیێ / هەلبەست، عبدالرحمن بامەرنی، ٢٠٠٥
٥٥) زمان و زمانڤانی/ عبدالوهاب خالد، ٢٠٠٥
٥٦) ئەڤین، خەم و مرن/ هەلبەست، طیب دەشتانی، ٢٠٠٥
٥٧) زیندانا بچویك/ هەلبەست، عزیز خەمجڤین، ٢٠٠٥
٥٨) عشق د بەهشتەکا یوتوبیایی دا / هەلبەست، مصطفی سلیم، ٢٠٠٥
٥٩) ئەزێ د هەمبێزا هەناسێن تە دا / چیرۆك، اسماعیل مصطفی، ٢٠٠٦
60) رۆمان ل دەڤەرا بەهدینان / ڤەکۆلین، رەمەزان حەجی، ٢٠٠٦
٦١) رایا گشتی، تێگەهـ و پێناسین و گوهۆرین و پیڤانا زانستی/ ڤەکۆلین، مسلم باتێلی، ٢٠٠٦
٦٢) هەلبەستێن رەنگین / هۆزان، و : تەنگەزارێ مارینی، ٢٠٠٦

٦٣) تەڤنكەرا كـورد، هونەرمەندا بەرزە / ڤەكۆليــن، و : مەسعود خالد گولى، ٢٠٠٦

٦٤) چاپەمەنييـێت رەوشـەنبيرێت دەڤــەرا بەهدينــان (١٩٣٥-٢٠٠٠)/ بيــبلوگرافيا، وصفى حسن ردێنى، ٢٠٠٦

٦٥) شەڤا فريشتە رەڤين / چيرۆك، اسماعيل سليمان هاجانى، ٢٠٠٦

٦٦) گولولكا ئالۆزياى/ خالد صالح، ٢٠٠٦

٦٧) نڤێژەكا بارانێ/ هۆزان، هەڤال فندى، ٢٠٠٦

٦٨) رۆژ/ هۆزان، هشيار رێكانى، ٢٠٠٦

٦٩) عشق ل ژێر پرا چينودێ/ بلند محمد، ٢٠٠٦

٧٠) وەرزێ ئەڤينێ/ نۆڤلێت، يونس احمد، ٢٠٠٦

٧١) ئەفسانەيا سترانێن بندەستييێ/ نجيب بالايى، ٢٠٠٦

٧٢) خەونەكا ئەمريكى، چيرۆكێن عزيز نسين / و: خيرى بوزانى، ٢٠٠٦

٧٣) هزرينەك د زمانێ كوردى دا/ رشيد فندى، ٢٠٠٦

٧٤) خانى مامۆستايێ سێيەمين/ مەم شەرەف، ٢٠٠٦

٧٥) ژ ئاوازێن جوانييێ/ هۆزانێن، ناجى طه بەروارى، ٢٠٠٦

٧٦) پێداچوونەك لسەر هندەك بەلگەنا مەيێن تايبەت ب كوردانڤە/ ڤەكۆلين، د. صلاح هرورى، ٢٠٠٦

٧٧) مەشا بۆكان/ هۆزان، هيڤى بەروارى، ٢٠٠٦

٧٨) ئەو زەلامێ دگەل خۆ لێك جودا / شانۆ، سيار تەمەر، ٢٠٠٦

٧٩) پەلێن عشقێ/ هۆزان، درباس مستەفا، ٢٠٠٦

٨٠) شەڤێن سار/ رۆمان، حەسەن ئيبراهيم، ٢٠٠٦

٨١) هۆزان بۆ دەلالێ/ هۆزان، خالد حسين، ٢٠٠٦

٨٢) بالۆلكا شەكرێ/ چیرۆك، حسن سلێڤانی، ٢٠٠٦
٨٣) حەیرانۆك نامەیێن ئەڤینداران/ ئەدیب عبدالله، ٢٠٠٦
٨٤) مرن د قشلەیا پادشاهی دا / چیرۆك، محسن عبدالرحمن، ٢٠٠٦
٨٥) چیڤانۆكا گایێ سۆر/ فلكلور، جمیل محمد شێلازی، ٢٠٠٦
٨٦) سەلوا هێش بەلالیسكە/ هەلبەست، لقمان ئاسهی، ٢٠٠٦
87) بلیجان/ رۆمان، پەرویز جیهانی، ٢٠٠٦
8٨) لەعلیخانا گۆڤەیی/ چیرۆك، مصطفی بامەرنی، ٢٠٠٦
٨٩) ڤەگەڕ/ رۆمان، شاهین بەكر سورەكلی، ٢٠٠٦
٩٠) قەدەرا من/ هۆزان، سەلمان شێخ مەمی، ٢٠٠٦
٩١) بێهنشك/ فولكلۆر، محمد حسن بناڤی، ٢٠٠٦
٩٢) ئارمانج/ هۆزان، سەبریە هەكاری، ٢٠٠٦
٩٣) باكورێ دل/ هۆزان، دلشا یوسف، ٢٠٠٦
٩٤) خەونەك بنەفشی/ چیرۆك، عصمت محمد بدل، ٢٠٠٦
٩٥) نهێنییێن خامەی/ هۆزان، سەبری نهێلی، ٢٠٠٦
٩٦) هەناسەك د پەرستگەها شعرێ دا / خواندنێن وێژەیی، سەلام بالایی، ٢٠٠٦
٩٧) شۆرشێن بارزان/ هۆزان، حەیدەر مەتینی، ٢٠٠٦
٩٨) عەشقا مە چرایەكێ زەرادەشتی یە / كورتەچیرۆك، ئسماعیل مستەفا، ٢٠٠٦
٩٩) تەنهستان/ هەلبەست، كەمال سلێڤانەی، ٢٠٠٦
١٠٠) رۆستەمێ زال/ فولكلۆر، جەمیلێ حاجی، ٢٠٠٦
١٠١) مقالات نقدیە/ مجموعە الكتاب، ٢٠٠٦
١٠٢) بەرگۆتییێن كۆچەرەكی دەشتینەبوویی/ هۆزان، اسماعیل تاها شاهین، ٢٠٠٦

١٠٣) دەڤ چ نابهیسن!/ کورتەچیرۆك، تێلی سالح موسا، ٢٠٠٦
١٠٤) شەڤەکا بێ نڤێژ/ هۆزان، لایق جەمال کورێمەی، ٢٠٠٦
١٠٥) پارادوکسیزم و تێگەهێ وێ د هۆزانا نویخوازا کوردی دا ل دەڤەرا بەهدینان/ ڤەکۆلین، عسمەت خابوور، ٢٠٠٦
١٠٦) دۆسییا بارزانی د سندۆقا پیلایی یا ستالینی دا / ڤەکۆلین، وەزیرێ عەشۆ، ٢٠٠٦
١٠٧) هەلەبجە/ هەلبەست، سەیدایێ کەلەش، ٢٠٠٧
١٠٨) چاڤێن سیتاڤکێ/ رۆمان، تەحسین ناڤشکی، ٢٠٠٧
١٠٩) باکورێ هەلبەستێ/ هەلبەست، ئارژەن ئاری، ٢٠٠٧
١١٠) گەڕیانەکا بێ هۆدە/ چیرۆك، نەفیسا ئیسماعیل، ٢٠٠٧
١١١) سورە برینا شەڤا من/ هەلبەست، سەلوا گولی، ٢٠٠٧
١١٢) عەشق د خلوەگەها مرنێ دا / هەلبەست، ئاشتی گەرماڤی، ٢٠٠٧
١١٣) سرودێن رۆژهەلاتی/ چیرۆك، جەلال مستەفا، ٢٠٠٧
١١٤) ئاریانا سینورێن دوور / هەلبەست، مەسعود خەلەف، ٢٠٠٧
١١٥) ئاوازێن خامەیی/ لێکۆلین، نعمت الله حامد نهێلی، ٢٠٠٧
١١٦) بەیتا سیسەبانێ/ هزرڤان، ٢٠٠٧
١١٧) ڤەکۆلانا زمانی/ ڤەکۆلین، د. فازل عومەر، ٢٠٠٧
١١٨) لەشێ شەڤێ/ هەلبەست، سەلام بالآیی، ٢٠٠٧
١١٩) دالەهی یێن کەسەکێ ب تنێ / چیرۆك، د . عارف حیتو، ٢٠٠٧
١٢٠) چەند هزرێن رەوشەنبیری/ گۆتار، ناجی تاها بەرواری، ٢٠٠٨
١٢١) هەلکولینا زمانی/ ڤەکۆلین، د. فازل عمر، ٢٠٠٨

١٢٢) خەونەکا کیڤی/ هەلبەست، دەیکا دالیایێ، ٢٠٠٨
١٢٣) ژبۆ رێنڤیسەکا چێتر، ئیسماعیل تاها شاهین، ٢٠٠٨
١٢٤) پەترۆمەکرنا گونەهان / چیرۆك، محسن عبدالرحمن، ٢٠٠٨
١٢٥) رۆژانێن شێتەکی/ تێکستێن ئەدەبی، ادیب عبدالله، ٢٠٠٨
١٢٦) رۆژ ئاڤا دبیت دا بهەلێت / هەلبەست، صدیق خالد هرۆری، ٢٠٠٨
١٢٧) باژێرێ دینا و چەند چیرۆکێن دن/ کاریکاتۆرە چیرۆك، تێلی صالح، ٢٠٠٨
١٢٨) ئەڤین و ستران/ هۆزان، فیصل مصطفی، ٢٠٠٨
١٢٩) گۆڤەندا ژینێ/ هۆزان، د. خیری نعمو شێخانی، ٢٠٠٨
١٣٠) کەپەزێ خەونان/ هەلبەست، خەمگینێ رەمۆ، ٢٠٠٨
١٣١) بەندەر/ هەلبەست، دیا جوان، ٢٠٠٨
١٣٢) سپیهستان/ کورتە چیرۆك، خالد صالح، ٢٠٠٨
١٣٣) حێچبوون/ ئەحمەد یاسین، تێکستێن ئەدەبی، ٢٠٠٨
١٣٤) تێکست د ناڤبەرا گۆتارا رەخنەیی و رێیبازێن ئەدەبی دا، ئەمین عبدالقادر، ٢٠٠٨
١٣٥) پاییزەکا شین/ هەلبەست، تریفە دۆسکی، ٢٠٠٨
١٣٦) دێ چاوان پەرتوکان چێکەین/ ڤەکولین، هوشەنگ شێخ محەمەد، ٢٠٠٨.
١٣٧) شەڤێن براگ/ رۆمان، حەسەن ئیبراهیم، ٢٠٠٨.
١٣٨) beyond the red mountins ل پشت چیایی سور/چیرۆك، لقمان ئاسیهی، وەرگێران ژ کوردی بۆ ئنگلیزی، ٢٠٠٨.
١٣٩) دەه خەون/ هەلبەست، کومەکا هەلبەستڤانان، ٢٠٠٨.

١٤٠) راپرسين و راوەرگرتن/ ڤەكولين، مسلم باتێلی، ٢٠٠٨.
١٤١) ڤارێ / تێكستێن ئەدەبی، خالد حسێن، ٢٠٠٨.
١٤٢) پرا ئارتا يان بهايێ گران/ سێ شانوگەرييێن وەرگێراى ، ئەنوەر محەمەد تاهر، ٢٠٠٨.
١٤٣) ترسا بێ ددان/ رۆمان، حەليم يوسف، ٢٠٠٨.
١٤٤) بيرئانينێن سەرخوەش/ هەلبەست، سيروان ڤچو، ٢٠٠٨.
١٤٥) پائيزا پەيڤان / خواندنێن هزرى و رەخنەيى، سەبرى سلێڤانەى، ٢٠٠٨.
١٤٦) مەيدانا كوووچكان/ ئيسماعيل سلێمان هاجانى، كورتە چيرۆك، ٢٠٠٨.
١٤٧) چەند ستێرێ ن گەش د هەلباستە نوو يا كوردى دە (كرمانجيا ژێرى)/خەليل دهۆكى، ڤەكۆلين ، ٢٠٠٨.
١٤٨) ديوانێن بۆتانى/ سەبرى بۆتانى، هەلبەست، ٢٠٠٨.
١٤٩) زمان و ئەدەب و مێژوويا كورد د (رۆژى كورد )دا ١٩١٣/حجى جعفر، ڤەگۆلين، ٢٠٠٨.
١٥٠) لاڤژا كەڤنەوارەكێ خەمبار /گولنار عەلى، ه ەلبەست، ٢٠٠٨.
١٥١) سنورێن ڤەكريم چاڤپێكەفتن/ ئيسماعيل بادى، ٢٠٠٨
١٥٢) پەسنێن ئامەدخانێ/ حەنيف يوسف، هەلبەست، ٢٠٠٨
١٥٣) توافا يارێ/ عەمەرێ لەعلێ، هەلبەست، ٢٠٠٨
١٥٤) تيۆرا وێژەيى/ و: د. عارف حيتو، ڤەكۆلين، ٢٠٠٨
١٥٥) سالۆخەت د حەيرانۆكان دا / جەميل محەمەد شێلازى، ڤەكۆلين، ٢٠٠٨
١٥٦) شانۆ.../ سيار تەمەر، ڤەكۆلين، ٢٠٠٨

١٥٧) من نەڤێت ژ لەشێ تە ببارم / بەیار زاویتەی، هۆزان، ٢٠٠٨

١٥٨) سهربەندیا بەردەوام زمانێ چامەیی / فازل عەمەر، ڤەکۆلین، ٢٠٠٨

١٥٩) ساکۆ/ نوزاد مزوری، کورتەچیرۆك، ٢٠٠٨.

١٦٠) فەرهەنگوکا کلاسیکێن کورد/مەسعود خالد گولی، ٢٠٠٩-

١٦١) ئەو پیاوەی بەلامەوەرەت بوو/ بەهر موفتی، ٢٠٠٩

١٦٢) چەند بابەت و لێکۆلینێن زمانی / عبدالوهاب خالد، ڤەکۆلین، ٢٠٠٩

١٦٣) سیمیاء الخطاب الشعری، ٢٠٠٩

١٦٤) رۆژانێن ئەدەبیاتا کوردی — چیکی، ٢٠٠٩

١٦٥) ل بەسفکا مە بەفر باری/ محسن قوچان، هۆزان، ٢٠٠٩

١٦٦) دەنگ و هەلنگفتن/ ئازاد دارتاش، خویندنێن رەخنەیی، ٢٠٠٩

١٦٧) الشواف... واللیله الاخیره/ و: سامی الحاج، چیرۆك، ٢٠٠٩

١٦٨) کیمیاگەر/ و: د. لەزگینێ ئاڤدرەهمانی، رۆمان، ٢٠٠٩

١٦٩) ئەو پیاوانەی لە ناو ڕەنگی تابلۆکانم سەما دەکەن، نالە عەبدولرەحمان، هۆزان، ٢٠٠٩